## بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و دیاریکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کۆنگرەیەکی بەرفراوان سازدەکرێت ... لە (هەردی و سامان) ەوە:

سەلەبەیانی ئەمڕۆ 2005/9/19 لە هۆڵی سلێمانی پالاس و لە سەر داوای بەڕێز (دانا ئەحمەد مەجید) پارێزگاری سلێمانی کۆنگرەیەکی بەرفراوان سازدرا بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرێتیە گشتیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، لە کۆبونەوەکەدا پارێزگاری سلێمانی ئەوەی دوپاتکردەوە کە ماوەیەك لەمەوبەر هەرسی پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆك یاداشتێکیان بەرزکردۆتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ دیاریکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام تا ئێستا پەرلەمان هیچ وەڵامێکی بۆ یاداشتەکەیان نەبووە، بەم هۆیەوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لای خۆیەوە بڕیاریدا کە یەلاحیاتەکانی لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم (سلێمانی) بۆ دیاریبکرێت. لەبەرامبەردا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بە پێی ماددەی (71) ی یاسای دەوڵەتی عێراقی کە تایبەتە بە یەلاحیاتی پارێزگاکان، پارێزگاکان تەواوی سەلاحیاتی ئەو یاسایەیان هەبێت بە هەندێك تەعدیلاتی نوێوە. هەر لەو بارەیەوە پاڵپشت بەم یاسایانە (دانا ئەحمەد مەجید) وەك ئەنجومەنی پارێزگا بڕیاریدا کەلەمەودوا ئەنجومەن لە هیچ سەرپێچی و گەندەڵی و کەمتەرخەمیەکی بەڕێوەبەرایەتیەکان قبوڵ نەکات و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، پارێزگاری سلێمانی ئاماژەشی بەو بڕیارە نوێیەی پارێزگا دا کە تیایدا هاتووە "هەر هاوڵاتیەك گەر لە ماوەی سی رۆژدا کارەکانی لە فەرمانگەیەکدا بۆ جێبەجێنەکرا، ئەوا دەتوانی سکاڵایەك بەرزکاتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بۆ لێپێچینەوە لەو فەرمانگەیە".